سەرکی ئۆکراینا داوا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکات بەرگریی ئاسمانیی باشتر بە وڵاتەکەی دابین بکەن

سەرکی ئۆکراینا داوا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکات بەرگریی ئاسمانیی باشتر بە ئۆکراینا دابین بکەن، ئەمەش دوای ئەوەی هێرشکی مووشەکیی ڕووسیا 18 کەسی لێو وڵاتە کوشت.

ڕۆژی پێنجشەممە، 18-04-2024، تیمە فریاگوزارییەکانی ئۆکراینا لە شاری چێرنیهیڤ لە باکووری وڵاتەکە، سەرقاڵی لادانی داروپەردووی ئەو هێرشی ڕووسیا بوون کە ڕۆژێک لەمەوبەر بە سە مووشەک کردیە سەر شارەکە.

تەندروستیی ئۆکراینا کوژرانی لانیکەم 18 کەسیان پشتڕاستکردووەتەوە و دەڵێن: "77 کەسیش کە چواریان منداڵن، بریندابوون."

ئۆلگا سامەیلینکە، دانیشتوویەکی شاری چێرنیهیڤی ئۆکراینایە، ئۆلگا بەهۆی مەترسیی هێرشەوە لەگەڵ چەند خێزانێکی دیکە لە شوقەیێک پەنادراون و گوتی، "هەموو دراوسێکانمان لێرەن. دوای تەقینەوەی یەکەم هاوارمان کرد خەتان بچەمێنەوە. دواتر گومان لە دوو تەقینەوەی دیکە بوو، ئینجا رامانکرد

گەراجەکە."

ئەلەکساندر لەماک، پارێزگاری چێرنیهیڤ لە بەاوکراوەیەکدا رووخانی زیاتر لە 10 باڵاخانە راگەیاند، "ئەمە جگە لە زیان گەیاندن بە چێندین ئەنجامبەل، دامەزراوەی پەروەردەیی و تەندروستی."

وەزارەتی ناوخۆی ئۆکراینا دەڵێت: "یەکێک لە کوژراوەکان ژنە پۆلیسێکی تەمەن 25 ساڵە کە مەڵبەندی نەخشیی وەرگرتبوو."

هەرەمی چێرنیگیڤ کە هاوسنووری بەلاووسە، لە سەرەتای جەنگی ئۆکرایناداە لەلایەن رووسیاوە کۆنترۆکرا، بەڵام دوای دوو ساڵ، ئۆکراینا دووبارە دەستی بەسەردا گرتەوە.

ڤلادیمیر زیلینسکی، سەرۆکی ئۆکراینا سەرکۆنەی رووسیای کرد و گوتی، "دەبێت [وڵاتانی] رۆژئاوا کاری زیاتر بکەن بە یارمەتیدانی بەرگریکردن لە ئاسمانی ئۆکراینا."

سەرۆکە ئۆکراینییەکە ئاوەشی خستەوە: "ئەمە رووینەدەدا ئەگەر ئۆکراینا چەکی پێویستی بەرگریی ئاسمانی هەبوایە."